وەزارەتی ڕۆشنبیری یان کەشتی فەقێ شێتەکان! … ئیسماعیل حەمەئەمین

هەواڵەکە بەمجۆرەیە؛ (وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان، بڕیاریدا نمایشکردنی فیلمی "محمد رسول الله" بڕشێوەیەکی کاتی ڕابگیرێت. دیارە "محمد رسول الله" ناونیشانی فیلمێکە لەبارەی موحەممەد. چەند ڕۆژێك لەمەوبەر فیلمەکە لە شاری هەولێر نمایشکرا وە، ئەمەش کاردانەوەی لیژنەی فەتوای هەرێمی کوردستانی بەدوای خۆیدا هێنا. دوابەدوای ئەو ڕۆخنە و کاردانەوانەش، لە 28-1-2017، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان، بڕیاریدا نمایشکردنی فیلمی "محمد رسول الله" ڕابگیرێت..) سایتی دووڕیان.
دیارە من سەرنجم هەیە لەمەڕ ئەم (قەدەغەکردنە) وەك پڕسە کە ، نەك لەسەر فلیمەکە خۆی کە لەو بڕوایەدا نیم فلیمێکی ئەوەندە ترسناك و پڕ (تاوی فیتنەی تائیفی) بێت وەك مەلاکانی فەتوا بانگەشەی بۆ دەکەن. ئەوەی بۆمن ترسناکە پڕسەی (قەدەغەکردنی فیلم) و (ڕاگرتنی زنجیرەی تەلفیزیۆنی) و (قەدەغەکردنی کتێب و گۆڤارە) کە وەزارەتێکی کولتور دەیکات، ئیدی لەهەر شوێنێکی دونیادا بێت. دەنا خودی ناوەڕۆکە ئاینییەکەی فلیمەکە بۆ من هیچ گرنگیەکەی نییە، چونکە خودی (دیسکۆرسی ئاینی) لای من جێگەی سەرنج نییە، بەڵام خودی هونەری سینەما بۆ من گرنگە کەنمایشبکرێت و باڵەخنەکانیش هەڵگرین بۆ تەماشاکاران و تەنانەت بۆ پیاوانی ئاینیش، بەڵام خودی پڕسەی قەدەغەکردن نزیکبوونەوەیە لەسنووورەکانی فاشیزمێك کەلەسانسۆرەوە دەستپێدەکات.

ئەوەی من دەمەوێت لەم کورتە نوسینەدا ئاماژەی پێبکەم دوو سەرنجە بۆ خودی وەزارەتی (بەناو ڕۆشنبیری) کەناوەکەی وەك چەند جاران گوتوومە هەڵەیە، چونکە وەزارەتێك نییە بۆ (ڕۆشنبیران)، چونکە (ڕۆشنگەری) قۆناغێکی مێژووو ئەرایەکە ، و ڕۆشنبیر وەك تێرم و وەك چەمك ناکرێت وەزارەتی هەبێت چونکە چیتر ڕۆشنبیر نامێنێت. ئەمەم کاتی خۆی لەنوسینی دیکەدا بۆاوکردۆتەوە و گوتوومە دەبێت؛ (وەزارەتی کولتور) بێت . عەرەب وشەی الثقافە بەرامبەر کولتور دادەنێت و بەڕۆشنبیریش دەڵێت المثقف. ئیدی نازانم ئەمەی کورد بۆ دەبێت پاشکۆی ئەم (تەعریبە) بین و کۆپی وەزارەتی سەقافە بکەین و

نەچین لەسەرچاوە لاتینیە سەرەکیەکیەوە وەریگرین، وەك چۆن هەموو دونیا کەناوی کولتورە ، بۆچ ئەمە ناوی نەنێین وەزارەتی کولتور...ئەمە وەك بیرهێنانەوە کە ناوی ئەم وەزارەتە هەڵەیە چ لەوی تۆرم و چ لەووی وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە بۆ کوردی. بەڵام با واز لەوە بێنین کەئەم وەزارەتە جگەلەوەی ناونیشانەکەی هەڵەیە، دووسەرنجەکەم لەمەڕ ئەم هەڵەیە ؛
یەکەم ؛ بۆچی پێش نیشاندانی ئەم فلیمە ئەم سەرنجانە نەبوو، یاخود فلیمەکە هەروا تێپەڕبووە؟ گەر فلیمە هەڵگری تاوی (ئاژاوەی تائیفییە) وەك مەلاکان دەڵێن، بۆچی وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕێگەی پێداوە و بەسەریدا تێپەڕیووە؟ لێرەوە گومان دەکرێت لەو خاڵە و ئەمە لەبەردەم دوو گریمانەداین؛ یان ئەوەیە مەلاکانن درێدەکەن و لەبەر (سوننەبوونی سیاسیان) قەدەغەی دەکەن و لەدژی هەژموونی ئێران و شیعەگەرایی لەکوردستاندا ئەمە دەڵێن، چونکە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەدەست وەزیرێکی یەکیتیەوەیە و یەکێتی بە (پژ – ئێران) لەقەڵمدەدرێت و لیژنەی فەتواش بەپژ دەسەڵات لەهەولێر کەپارتیە و پارتیش(بە پژ – ئێردوگان) و (دژە شیعە) لەقەڵدەدرێت. ئیدی لەم چینینە سیاسیە ناشرینە، پژ ئێرانی و تورکیەوە، مەلاکانی لیژنەی فەتوا ئەم ڕۆڵە دەگێڕن و فلیمەکە قەدەغە دەکەن.

یاخود دەچینە بەردەم گریمانەی دووهەم کەزۆر سادەیە و ئەویش ئەوەیە کە وەزارەت تەمەڵخانەیە و ئەوەی لەم وەزارەتە بوونی نەبێت تەنها هونەر و ڕوانگەی ڕۆشنبیرییە، دەنا چۆن کێی ئەم ناکۆکیە مەترسیدارە تائیفییەی کە مەلاکان باسی دەکەن و ئەمانیش بڕوایان بەمەلاکان کردووە، بەسەردا تێپەڕیووە؟! لەم کەشتیە پڕ شێتاتیەتە کێ ڕاستەکات و کێ درۆ؟!
بۆ وەبیر هێنانەوەی خوێنەری ئازیز، کاتی خۆی لەگوتارێکمدا کەئەو کاتە کۆچکردوو (فەلەکەدین کاکەیی) وەزیری ئەم وەزارەتە بوو، ئەم وەزارەتەم بە (کەشتی قژشمەکان) یان (کەشتی شێت و گەوجەکان) چووواند، ئەو کەشتیەی لەئەوروپای ڕسەدەی پانزەوە تاوەکو کۆتایی هەژدە شێت و قژشمە و گەوجەکانیان تێدەکرد و بەدەریادا دەیانگێڕان و کاپتنەکان هەمیشە لەدەریادا بوون لەگەڵیاندا.

بەهەقەت وایە ئازیزان، ئەم وەزارەتەش وەك ئەو کەشتیە وەهایە، کەمەڵگەی ئاینی سەدەی ناوەڕاست لەئەوروپادا ، ئەم کەشتیەنەیان پێ دەکرد لەشێت و گەوج و نەفامەکان و مەسرەفیان دەکێشان بەمەرجێك دوور بن لەدونیای ئاقڵە ئاینیەکان. ئاوەها مامەڵەی مەلاکان و وەزارەتی ئەوقاف لەگەڵ ئەم کەشتیەی هەرێمی کوردستان ، کەناوی

وەزارەتی ڕۆشنبیرییە، ئاوەهایە، بەوەی زوو زوو ئاگاداریان دەکەنەوە و قامچیەکانیان بۆ شۆتەکانیان دەردەهێنن. لەبۆاستیدا ئەم وەزارەتە ئەوەندەی زەرەدی لەبۆشنبیری داوە لەکوردستاندا ، هیچ سوودێکی تری نەبووە، جگە لەشۆواندنی هونەر و چاپەمەنی و موزیك و چۆڕی ئەدەبی و هونەری نەبۆت. ئەوەندەی ئەم شۆتخانەیە بوجەی گشتی خاڵیدەکاتەوە لە قیستیڤاڵاتی بۆمانا و خۆنمایشکردنی بەبۆوبۆرەکانیان و شانۆگەری و فلیمی سەقەت، ئەوەندە کارێکی جیدیمان لێ نەبینیوون. دیارە وەك ئەمانە وەك شۆتەکانی ئەم کەشتیەی سەدەی ناوەڕاست کاری جیدی و دەستو پەنجەنەرمکردنی ڕاستەقینە لەگەڵ دونیا بەئەوان نامۆیە، ئەم وەزارەتە وەك هەموو کەشتیەکی شۆتەکانی سەدەی ناوەڕاست وەهایە، کە بەردەوام لەدەریاکاندا، لەبۆزاری خۆیاندا خەریکی سەما و موزیکی بۆ بنەما و فەوزا و نمایشی بۆمانا بوون و کاتیان لەتەمەڵیدا بەسەر دەبرد . وەزارەتەکەی هەرێمیش بەردەوام خەریکی قیستڤاڵات و میهرەجاناتی سەیر سەیر و خۆنمایشکردنی لەمجۆرەن و نمونەش زۆرە.

نابێت ئەوە لەبیر بکەین ، کە (کەشتی گەوجەکان – Narrenschif) جارە جارە لەبەندرەکان کەبۆ ئازووقە وەرگرتن و گۆڕینی تاقمی کەشتیەکە بەکاپتنەوە دەوەستا، یاخود بۆ سوارکردنی شۆتکی تر، یان گەوجێکی تر ، لەهەمانکاتشیدا لەژێر ڕۆنمایی کۆسادا کاری دەکرد و قەشەکان جار جارە وەك (میشێل فۆکۆ) لەکتێبی (شتاتی و شارستانیەت) باسیدەکات، دەهاتنە سەر کەشتی شۆتەکان بۆ قەداس و ڕۆنمایی کاپتن و ستاڤەکانیان ..ئاوەها ئەم کەشتیە پۆ قیستڤاڵە لەسەر ڕووبەی ئاو بەردەوام بوون لەژیانێك کەبۆئاگایی بوو لەدونیای هەبوو. سەیر لەوەدایە ئەم کەشتیە وەك وەزارەتە ڕۆشنبیرییەکەی هەرێم بۆئاگایە لەدونیای کولتور و دنیای ڕیاڵ، بۆگومان لەم کەشتیە پۆ گەوجەدا زۆر شتی پێدا تێدەپەڕێت و لەهەمووی خراپتریش ئەوەیە، ئەم وەزارەتە وەك کەشتی گەوجەکانی سەدەی ناوەڕاستی ئەوروپا کەلەژێر کۆنترۆڵی قەشەکاندا بوو، ئەمەی لای خۆمان لەسەدەی بیست و یەکدا لەژێر دەسەڵاتی مەلاکاندایە!
سەرنجی دووهەم ؛ قەدەغەکردنی هیچ فیلم یان کتێب چارەسەر نییە، گەر هاتوو دژی پێوەرە یونیڤرسالیەکان نەبێت. لەبەر ئەوە خودی قەدەغەکردن و (نەریتی قەدەغەکردن) ترسناکە، سەرەتای فاشیزمێکی نوێیە .
من پێموایە با فلیمەکە نمایش بکرێت ، بەڵام دەکرا هەر ئەو لیژنەی فەتوایە لەتەمە ڵی خۆیان بنە دەرێ و ڕەخنەی لێبگرن ، وکۆڵی لەسەر بگرن و دیالۆگی لەسەر بکەن. کاتی ئەوە هاتووە مەلای کوردی

نزیك بێتەوە لەئەقڵانیەت و واز لەفێدانی تفی تۆەیی بێنێت لەڵوەکانیەوە ئارام بگرێت لەناو دەمیدا، نەك کەمەگەی پێ پیس بکات. مەلا تەمەڵەکانی لیژنەی فەتوا و وەزارەتی ئەوقاف دەیانتوانی لەڕێژنامەو گۆڤارەکاندا هەخنەی خۆیان ئاڕاستەی دەرهێنەر و فلیمەکە بکردایە، تەنانەت دەیانتوانی وەریانبگێڕایە بەفارسی. بەڵام لیژنەکەی فەتواش وەك زۆربەی وەزارەتەکانی دیکە لەتەمەڵیدا نقوومبوون و وەزارەتی پارەوەرگرتن. گەر نا دەکرا مەلاکان بڕۆن لەکوێدا و چۆن ئەم فلیمە مەترسیدارە ؟
دیارە هەر کاتێك فلمێك یان کتێبێك قەدەغە دەکرێت، ئەوا پرس دەچێتە سەر وەزارەتی بەناو ڕۆشنبیری. پرسیارەکەی دوای ئەزموونی چەندەها قەدەغەکردن دێت لەلایەن مەلاکانەوە، بۆ نمونە دیوانەکەی شاعیر (قوبادی جەلیزادە) لەکتێبخانەکاندا کۆکرایەوە ، لەسەردەمانێکدا وەزیری ئەم وەزارەتە سێسیال دیموکرات نەبوو ، بەکو وەزیرەکە کەمەنیستێکی مارکسی لینینی حزبی شیوعی بوو، کەئێستا وابزانم بێتە سکرتێری ئەو حزبەش.

بەگشتی ئەم دیاردەیە ئاوەها دێتە بەرچاو، وەك ئەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەژێر فەرمانی وەزارەتی ئەوقاف و مەلاکانی فەتوادا بێت؟! وەزارەتی ئەوقاف و لیژنەی فەتوا دەتوانێت سەرنجی هەبێت ، بەڵام بۆچی دەبێت فەرمان بدات بەوەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ قەدەغکردن و بۆچی دەبێت وەزارەتیش وەك ئەوەی بەسەك بن لەوەزارەتی ئەوقاف یەکسەر فەرمانەکە جێبەجێبکەن! بەڵاست کۆ لاکی کاردەکات؟
لێرەوە پرسێکی گەورە دەچێتە سەر ئەم وەزارەتە، بەوەی ئەم وەزارەتە لەلایەن مەلاکانەوە دەجوڵێنرێت، وەك ئەوە وەهایە ڕۆشنبیرە فەرمییەکان لەژێر دەستی مەلاکاندا کاربکەن، بەهەقەت ئەمە لەزەمەنی وەزیرە کەمەنیستەکەش (کاوە مەحمود) خراپتر بوو.
ئاوەها ئەم کەشتیە بەردەوام لەژێر ڕەحمەتی پیاوانی ئاینی ئاڕاستەکانی خۆی دەگێڕێت، گەر هاتوو کاپتنەکەشی مولحیدێکی مارکسیش بێت ، ئاوەها (ئەقڵی گاتەجای) لەناو کەشتی فەقێکانەوە بەرەوە کەشتی گەوجەکان فەرمانی خۆی دەنێرێت و کەشتیەکەش یەکەم شێت فڕێدەداتە دەریاوە کەمەلاکان فەرمانی مردنیان دەرکردووە!

فتاری ئیسلام بەرانبەر بە ژنان ... ژیلوان شێش محەمەد ساڵح

بۆ خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیە کلیکی ئێرە بکەن ...

ژیلوان شۆڕش محمد صالح

ڕەفتاری ئیسلام بەرامبەر ژنان

چاپی یەکەم
٢٠١٦